www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:31 11-11-2007

کە ماف نەبێت بۆکۆچ نەکەین ... هیوا کۆیی

rojgar_koyi@yahoo. com

کە گەنج لە کوردستان مافەکانی خۆی بە زەوتکراو دەزانێت، بۆ ڕەخنەی چونە هەندەرانی لێدەگیرێت.

؟ هەندەران ئەوشوێنەی هاوڵاتیانی ئێمەی کورد تایبەت گەنجان ڕوی تێدەکەن وواڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا دەگرێتەوە، لەوێ لە (هەندەران) چی مافی سەرەتایی ژیانە هەرلە (کارکردن بەپێی کاتێکی یاسایی، شوێنی نیشتەجێبونی گونجاو، پێدانی ئاو و کارەبای بەردەوام و بێ خەم، خوێندن بەسیستمێکی پڕحەز و خولیا، دامەزراندن دوای تەواو کردنی خوێندن، پێدانی ماف بەپێی توانا و بەبێ جیاوازی و، ئیتر...) ئەمانەن ئەو هۆکارانەن وای لەگەنج کردوە کە هۆگری هەندەران بن.

خەڵك بەتایبەت گەنج لێرە لەکوردستان، بە زیاتر لە کارێك بە دابینکردنی پێداویستی ژیانی خۆیان ڕاناگەن، لەگەرمەی سەیرکردنی زنجیرە تەمسیلێك یا یاریەکی تۆپی پێ کارەبا دەبڕێت و ڕۆحی تامەزرۆی خەڵك لەگەڵ خۆی دەبات، خوێندن لەژێر چەندین سیستمی گۆڕاو تەواو دەکرێت، کەچی بە پێدانی موچەیەکی یەك بەرمیل نەوتی دادەمزرێنرێ، لەکوردستان کێشەی نیشتەجێبون یەکێکە لەکێشە هەرە لەپێشەکانی خەڵکی، کەچی حکومەت دێت و بەمەلایین دۆلار بۆدروستکردنی کۆمەڵە شوقەیەك بەناوی شوقەکانی زەکەریاوە بەدابینکردنی 24 کاتژمێر کارەباو ئاو و کامێرای چاودێری تەرخان دەکات و بە 15 دەفتەردۆلار هەڕاجی دەکات، ئەو پارەیەی لەو شوقانەی (بەناو زکریا) لەهەولێر و لەژێرناوی جیا جیا لەسلێمانی دهۆك دروستکران کێشەی هەرهەمو کوردستانی لەڕوی نیشتەجێبونەوە بنەبڕدەکرد، کەچی دوای تەواو بونی شوقەکانی بەناو زکریا، بڕیاردرا بە نیشتەجێکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەناو ئەو شوقانەدا، کەچی ئەوانیش (ئەندامانی پەرلەمان) چونە ناو ئەوشوقانەیان ڕەتکردەوە، بەڵام نەك لەبەر دڵسۆزی و هەژار پەروەری! بەڵکو لەبەر ئەوەی موخەسەساتی هاتوچۆو نیشتەجێبونیان نەدەما سەڕای بونی خانو و ئۆتۆمبێلی خۆیشیان، ئەوە گەنجانیش پرۆسەی هاوسەرگیریان لەترسی دانی کرێی خانو لەبیر چۆتەوە، پەرلەمانی کوردستان لەبری خستنەڕوی کێشەی میلەت، دێن و خشتەی زیادکردنی موچەی خۆیان دەخەنە ڕوو سەرەڕای چوار ملیۆن و پێنج سەدهەزاردینار موچەشیان، خۆلەهەندەران پەرلەمانی وڵاتەکانیان تاکێشەی کۆمەڵگا هەبێت هیچ ئەندام پەرلەمانێك بۆی نیە لەنێو هۆڵی پەرلەمان بخەوێت یاداوای مافی تایبەتی خۆی بکات.

سولفەی عەقار یەکێکی تر لە ڕێگەکانی چارەسەری کێشەی هاوڵاتیان لەڕوی نیشتەجێ بونەوە، حکومەتی عێراق بڕیاری سەرفکردنی بڕی (30) ملیۆن دیناری بۆئەم مەبەستە تەرخان کردوە، کەچی لەلای حکومەتی هەرێم ئەم بڕیارە ڕەفزە.

کەواتەبەڕێزان لە دەسەڵاتی کوردی: پەساپۆرتی پیتی (G) بەگەنجان و هاوڵاتیان بدەن و داوا لەوڵاتانی ئەوروپاش بکەن کە پەنابەرەکوردەکان ڕەوانە نەکەنەوە بۆکوردستان و پێیان بڵێن کە حاڵی میلەت چۆنە و بەدەنگەوە هاتنی ئێوەش لەچ ئاستێکدایە، بەم پێیە خەڵکیش لە بێبەشبونی ژیان ڕزگاریان دەبێت و خۆشتان لە کوردستانێکی پڕپیت و بەرەکەت ژیان دەگوزەرێنن دورلەڕەخنەو چاولەدەست بونی میلەت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.